# پەیامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست
# بۆ کۆنگرەی دامەزرێنەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

هاورێیانی ئازیز، بەشداربووانی کۆنگرەی دامەزرێنەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان!

پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کە ئامانجی کۆنگرەکەتانە، بێ شك ڕووداوێکی گرنگە لە ژیانی سیاسی چینی کرێکارو لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو عێراقدا کە بەتایبەتی ڕاستەوخۆ کاریگەری جدیو درێژماوە لەسەر کۆمەڵگای کوردستانو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان دادەنێت. ئەم ڕووداوە بۆ حزبی ئێمە، وە بۆ هەموو کۆمۆنیستەکان لە هەر شوێنێکی دنیا بن، ڕووداوێکی زۆر ئومێدبەخشو شایانی سەرنجو پشتگەرمی جدییە. سەرکەوتنی کۆنگرەکەتانو حزبێك کە بە عەزمێکی ڕۆشنو ئیرادەیەکی مەحکەمی کۆمۆنیستییەوە تیایدا خۆی ڕادەگەیەنێ، ئاواتی هەموومانەو بە سەرکەوتنێکی گەورەی هەموومان دادەنرێت.

هاورێیان!

کۆنگرەکەتان لە هەلومەرجێکدا بەرپادەکرێت کە پێنج ساڵ بەسەر لەشکرکێشی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عێراق تێپەڕدەبێت. لەماوەی ئەم زەمەنە درێژو پڕکوێرەوەریەدا، ژیانو ئەمنیەتو گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵكو سەرەتاییترین ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکانیان بوونەتە قوربانیی سیناریۆیەکی ڕەش کە داگیرکاریی ئەمەریکاو ململانێی دەسەڵاتی دەستەوتاقمە کۆنەپەرستە ئیسلامی، قەومیو عەشیرەتیەکان، بەسەریانیدا سەپاندووە. شکستی ستراتیژی ئەمەریکا لە عێراقداو شکستی ئەم دەستەوتاقمە کۆنەپەرستە ئیسلامیو قەومیانە لە گۆڕینی دەسەڵاتی میلیشیاییو جەنگو ململانێی خوێناوییان، بۆ "دەوڵەت"ێکی حاکم بەسەر ئەو جواگرافیایەدا، هەموو گۆڕەپانی سیاسی عێراق، لەوانەش کوردستانی لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکی گرنگو چارەنووسسازدا داناوە. سەرباری شەڕی دەسەڵاتی دەستەوتاقمە بەدەسەڵات گەیشتووەکان، کێبەرکێو ململانێی دەسەڵاتی ئەمەریکا، کۆماری ئیسلامی، تورکیاو وڵاتە عەرەبیەکان لەسەر بەشی خۆیان لە ئایندەی سیاسی عێراقدا، کۆمەڵێك هاوکێشەی ئاڵۆزکاوی دروستکردووە کە هەڕەشەی نائەمنتربوونی ژیانو زیاتربوونی کوێرەوەریەکانی چینی کرێکارو جەماوەری مەحرومو بێماف دەکات.

تەنها بزووتنەوەیەك بە ئاڵای ئازادیو سۆسیالیزمەوە، بە ئاڵای ڕزگاری لە داگیرکارێو دەسەڵاتی ئەو دەستەوتاقمانەی کە لەسایەی داگیرکاریدا، چنگیان لە سەروەتو سامانی کۆمەڵگاو ژیانی جەماوەر گیرکردووە، دەتوانێ کۆتایی بەم دۆزەخە داسەپاوە بهێنێ. لە جەرگەی قڵشتی قووڵی چینایەتیو کۆمەڵایەتیدا، لە هەلومەرجی نادیاریی ئایندەی سیاسی کۆمەڵگای کوردستانو پێشێلکردنی ئاشکرای مافی سەرەکی خەڵك بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگادا، پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان نەتەنها وەڵامی زەرورەتێکی چینایەتی هەمیشەیی چینی کرێکار، بەڵکو وەڵامی زەرورەتێکی دەموەدەستی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستانیشە. کۆمەڵگایەك کە لەماوەی حەڤدە ساڵی ئەخیرو بە شێوەیەکی تایبەتی تریش لە پێنج ساڵی ئەخیردا تا هاتووە زیاترو زیاتر لە باقی بەشەکانی عێراق دوور کەوتۆتەوەو دابڕاوە.

هاورێیان!

ئەوەی ئەمڕۆ لەڕووی سیاسیو گوزەرانەوە بەسەر چینی کرێکارو جەماوەری خەڵك لە عێراقو کوردستاندا هاتووە، بەشێکە لە دەورو دوکانێکی قێزەونو پڕ کوێرەوەری کە نیزامی گەندەڵی سەرمایەداری، بەدیاریکراویش لەم بڕگەیە لە ململانێی دەسەڵاتە ئەمپریالیستیەکان لەسەر سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی جیهان، بەسەر گۆشەو کەناری دونیای داسەپاندووە. وەڵامی واقعیو چارەساز بەم وەحشیگەریەی سەدەی بیستو یەکەم، تەنها سۆسیالیزمەو فاکتەری وەدیهێنانیشی ئەو چینی کرێکارەیە کە بە فراوانی هەموو جیهان حوزورو توانای کۆمەڵایەتی هەیەو ڕێگایەکی تری ڕزگاری لەبەردەمدا نییە جگە لەوەی کە ئاڵوگۆڕبەخشی ڕادیکاڵی ئەم ڕەوشەبێت کە لەئارادایە. حزبێك کە ئێوە کۆنگرەی دامەزراندنەکەی دەبەستن ئاڵابەدەستێکی تازەنەفەسو بەگوڕو پڕتوانای ئەم گۆڕانکاریە ڕادیکاڵەیە لە جوگرافیای سیاسی کوردستاندا.

جارێکی تر بە سڵاو بۆ هەموو ئێوەو، سەرکەوتنی تەواو بۆ کۆنگرەکەتانو ئازادیو ڕزگاری بۆ چینی کرێکارو خەڵکی تینووی ئازادی لە کوردستان بەئاوات ئەخوازین.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست**

**11ی مارسی 2008**